# شـەبـەك
# لەنیێوان ئایین و نەتەوەدا
## کورتە مێژووییەکی کوردانی عەلەویی

**هاشم عاسی کاکەیی**

پێناسەیەکی بەرفراوانی کوردە عەلەوییەکانی کوردستان بکەین‌و بەنەوەکانی ئەمڕۆو داهاتوویان بناسێنین لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندی ئەم گرۆ کوردانە بەنەتەوەو ئایینەوە. هەروەها خستنە رووی هۆکاری دروست بوونی ئەم تایفانە بەناوی هەمەجۆر کە لەمێژوودا رەنگیان داوەتەوە، دیسان هۆکارە راستییەکانی بەشداریکردنیان لەو شۆڕشانەی (یاخیبووان-خەوارج) کە لەکوردستاندا بەرپادەبوون، سوود وەرگرتنیان لەو شۆڕشانەو هەڵگرتنی دروشمی تایبەت بۆ بەردەوام بوون لەسەر راپەڕین‌و جوداخوازی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی. هەروا سەرژمێرییان بەپێی هەندێك سەرچاوە، زمان‌و شێوەزاری ئەو گرۆپە ئایینیانەی کورد بەتایبەتی تایفەی شەبەك‌و پەیوەندی بەنەتەوەکەیەوە.

www.dengekan.com



گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو یەکتاپەرست بوون، ئەگەرچی هەندێ جار بیروباوەڕی دیکەی لەگەڵ خۆی راپێچ کردوەو هێناوە، ئەم تێهەڵکیش کردنە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی لێکۆڵەران‌و مێژوونوسان‌و دەتوانم بێژم ئەو کەسانەش کەتێکەڵاوی ئەو جۆرە بیروباوەڕەن لەکوردستاندا، بەهەمان شێوە کەوتونەتە دوو دڵی‌و دڵەڕاوکێ رەنگە نەگەیشتنە نهێنیەیە

راستىيەكان، تەنيا كەسانێكى كەميان نەبێت كە بوونەتە پێشەواو (مورشيد_ پير)و سەردەستەى ئەو خەڵكانە بۆ ئيرشادو جێبەجێ كردنى مەراسيمى رێو شوێنى ئايينى هەر گرۆيەك كەئێستا لەم دەمە ماونەتەوە، دەبێ ئەوەش بوترێ هۆى گۆرانكارىو تێكەڵ كردنى بيروباوەڕى گرۆ جياجياكانى كۆمەڵگەى كوردەوارى بۆ ئەوە بووە، تاكو بەئاشتىو برا يەتى بژينو كەس گاڵتە بەئايينو بۆچوونى بيروباوەڕى ئەويتر نەكاتو رێز لەم مافە مرۆييە بگيرێت، جگە لەخۆژياندنو پاراستنى بەرژەوەندى خاوەندارێتى لەبەر ئەوەى لەسەردەمى عوسمانىدا، (مدحەت پاشا) ئەوەى لەبنەماڵەيەكى دەرەبەگ يا سەرەك هۆزو سەييدو خاوەن تەريقەت نەبوايە.. زەوىو زارى بەسەردا دابەش نەدەكرد[1] بۆيە بەدرێژايى مێژوو ئەو بيروباوەڕانەى لەنێو كوردان سەريان هەڵدا لەخۆ گۆڕينو خۆئالآندن بوونە بەئايينو شتە پيرۆزەكانى يەكتر هەتا ئەگاتە دابو نەريتو جلوبەرگيش. دبينين ئەمرۆكە مرۆڤ بەهۆى وشيارييەوە زياتر سەربەستى بەخۆى داوە بۆ دەربڕينى بيروباوەڕى ئايينىو راميارى لەكوردستاندا. ديارە لەسەردەمانى رابردودا مرۆڤى كورد ئەو سەربەستييەى لێ زەوت كرابوو، نەيدەوێرا بەئازادىو سەربەستى رێورەسمى ئايينى خۆى جێبەجێ بكات. لەسەردەمى عوسمانيدا دەبوايە مرۆڤى كورد زياتر بەلاى مەزهەبى دەسەڵاتدارى (سوننە) خۆى بنوێنێ هەروەكو مەئموون بەگى كوڕى بێگە بەگ لەئيمارەتى ئەردەڵاندا، كەچى لەئێرانى سەردەمى سەفەويدا، بەشێكى گرنگى كورد بەلاى مەزهەبى (شيعە)ى دەسەڵاتداردا خۆى شكاندوەتەوە، ستايشى شا سمايل



سەفەوييان كردوە لەوێردو زيكركردندا. هۆكەشى ديارە كوردستان لەدواى شەڕى چاڵدێران لەنێوانى ئەم دوو دەسەڵاتە داگيركەرەى كوردستان دابەش كرا. وەك زانراوە لەسەردەمى موسڵمانانندا ئەم گرۆ ئاينيە نهێنييانەى كوردستان كاريگەريان هەبووە لەسەر زۆر كەسايەتى ئيسلامىو ئيسلاميش كاريگەرى خۆى هەبووە لەسەر ئەمان، دەستێوەردانى تايفە يەزدانييەكان (باتنييەكان) لەبيروباوەرى موسڵمانان زياتر لەسەردەمى پيرشاليارەوە دەست پێدەكات، تا دەگاتە حوكمڕانى بنەماڵەى قەرەقۆينلو لەرۆژئاواى ئێرانو رۆژهەڵاتى ئەنادۆڵ (1380_ 1468)، لەگەڵ دە ساڵى يەكەمى پەيدا بوونى فەرمانڕەوايانى سەفەوى (1501) هاتە دى، بەڵام ئەم سەفەوييانە گەڵێ كاريان ئەنجامدا بۆ هەڵگێڕانەوەى پەيڕەوانى تايفە يەزدانييەكان لەئاينە رەسەنەكانى خۆيان بۆ بنبڕكردنيانو سەركوت كردنيان[1].

بەهۆى جەورو ستەمەوە تايفە عەلەوييەكانى ئەنەدۆڵ، لەسۆنگەى بێ ئومێدييەوە ناوى جەعفەرييان لەخۆناوە، لەبەردەم ئەنجامدەرانى سەرژمێرى توركيا بەجەعفەرى خۆيان ناو نووس كردوە[2]. سەير ئەوەيە زۆربەى موسڵمانانى ئێرانو قەوقاز

بەهۆی گوشارو فشاری سەفەوییەکانی سەردەمی (عەلەوییگەری) دەستیان لەرێبازی سوننەگەری هەڵگرتووە[3]. ئەم رێبازو رێڕەو گۆڕینە لەهەموو سەدەیەکدا بەردەوام بووە، بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ.. دەبینین زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرانەی کەعێراقی ئەمڕۆیان لێ پێك هاتبوو، پێش هاتنی عەلەوییە شۆڕشگێڕەکان لەئەنەدۆڵەوە، شیعە بوونو هەرگیز نەبوون بەعەلەوی[4].. کەچی لقێکی دیکەی تایفە یەزدانییەکانی وەك (یارسان) لەرۆژانی بەرایی ئیسلامەوە لەناوچەکەدا بوون، ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشتییانە کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبردو هەڵسوکەوتیان دەکرد. پەیڕەوانی تایفەکە لەکاتی بۆ خۆ دەربازکردن بەلایانەوە دژوار نەبووە کەخۆیان وەك شیعە پێشان بدەن بەهۆی بوونی ناوی ئیمامی عەلی لەهەردوو لاو هەر چەندە بیروباوەڕیشیان لەزۆر رێو رەسمدا لەیەك دوور ئەکەوێتەوە، هاتنی تورکە ئازەرییەکان لەسەردەمی عوسمانیدا بۆ کوردستان ئەم پەیوەندییەی زیاتر کردوە، وا دیارە عەلەویو یارسان زۆریان کار لەیەکتری کردوە بەڵام لەراستیدا رەنگە بەهیچ جۆرێك شیعەی نەبنو بەهەڵە ئەم گرۆپانە دەبەنەوە سەر شیعە هەروەك شەبەکیو باجەڵان کەرێزو خۆشەویستی ئیمامی عەلی لای ئەمانە بووەتە هۆی وەرگرتنی ناسنامەی شیعە موسڵمان یاخود توندڕەو (بروانە کتێبی لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. د. مارف خەزنەدار کەمیعراج نامەیەکی لوڕی بەزمانی کوردی بڵاوکردوەتەوە). مەڵبەندی یارسانەکان کەوتووەتە قوڵایی ناوچەی گۆران، لەنزیك شاری گەهوارە بەدووری چل میل لەرۆژئاوای کرماشان. ئەم گرۆپە ئایینییانەی کوردان هەڵگری بیروباوەڕی جیاواز بوون لەخەڵکانی شیعەو سوننە، کەوتبوونە نێوان دوو بەرداشەوەو دەیانهاڕین ئەوانیش بۆ ئەم مەبەستەو نەتوانەوەیان بەیەکجارەکی توانیویانە خۆیان بەم دوو لقە سەرەکییەی موسڵمانان موتوربە بکەن پاش شاڵاوی موسڵمانان بۆ ناوچەکە. زۆر جاریش لەلایەن ئەم دوو لقە سەرەکییەوە هێرشی توندکراوەتە سەر ئەو گرۆپانەی ناو کوردستان.

بەڵام هەندێ جاریش لەبەر هەر بەرژەوەندییەك بووبێ پاڵپشتیان لێکراوەو بەموسڵمانیان داونەتە قەڵەم. ئەگەر تەماشای ناسنامەی خەڵکانی ئەم گرۆپانە بکرێ دەبینین دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی بەموسڵمانیان نووسیون، جگە لەرژێمەکانی عیراقو تورکیاو ئێرانی ئێستا. سووریش زانراوە ئەم گرۆپانە (هەرچەندە یەکتاپەرست بوونە) بیروباوەڕی دوور لەموسڵمانێتیان هەبووەو لەبنەچەدا موسڵمان نەبوونە. رێڕەوو رێبازە ئایینیەکانی تورکیا وەك جەعفەری، قزلباشی، عەلەوی، نوسەیری دەکرێ بەلقی عەلەوی دابندرێن، چونکە لەتورکیا لایەنگرانی شیعەی دوانز ئیمامی گەلەك کەمن، کەچی لەکوردستانی باشوور کەمینە ئایینیەکان بەناوی تایبەت بەخۆیانو ئایینەکەیان ناسراونو هەندێکیان نەوەکو بێزار بکرێن دەترسن ئایینی خۆیان ئاشکرا بکەنو هەر لەمێژە خۆیان دەدەنە پاڵ دینی رەسمی دەوڵەت. شایانی باسە پەیڕەوانی ئەم تایفانە چەوساندنەوەشیان لەسەر نەبوبێ ویستویانە رێورەسمی ئایینی خۆیان لەخەڵکی بێگانە بشارنەوە.

رێژەی یارسانەکانی کوردستانی باشوور لەشارەکانی دیالەو کەرکوکو هەولێرو موسڵ (20٪) دەبێت. راستییەکیش ئەوەیە بەهۆی تێکەڵ بوونی زمانو ئایین کوردەکانی باشووری چیاکانی زاگرۆس ناسنامەی تازەیان پەیداکردو بوونە موسڵمانی شیعەو زمانی کوردی خۆیان لەزۆر جێگا بەفارسی گۆڕییەوە، لەمانە هەندێك لەباو باپیرانی لوڕەکانی ئەمڕۆ بوون جگە لەچەند رەچەڵەکێکی دیکە[5].

لەتایفە یەزدانییەکانی کوردستان تەنیا چەند گروپێك ماونەتەوە کەئەمڕۆ بەناوەکانی ئێزدی، عەلەوی، شەبەك، کاکەیی، یارسانی، ئەهلی هەق، دەناسرێنو نوصەیریش لەخانەی عەلەوییدایەو پەیڕەوانی بریتین لەکەمینەیەك کەبوونەتە عەرەبو لەسوریا دەژینو برێکیشیان کەمینە عەرەبەکەی تورکیایە[6].

بەڕای بەندە چەند گرۆپەك لەکوردانی خاوەن ئایینە یەکتاپەرستەکانی کوردستان بەهۆی ئەو ململانییەی لەنێوان ئەوانو موسڵمانان هاتە ئاراوە، بەشێکیان بوونەتە گاورو لەنێو گاوراندا توانەوە، بەڵام ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ون نەکرد وەکو کورد مانەوە. ئەو بزوتنەوانەی لەناوچەکانی کوردستاندا بەرپابوون لەلایەن گروپە ئایینییە جیاجیاکانەوە، سودی هەبووە بۆ هەناسە هەڵکێشان توانیان بیروباوەڕیان تێکەڵ بەدروشمی ئەو شۆڕشانە بکەن لەگەڵ پەیوەندییەکی بەردەوام پێیانەوە بۆ خۆپاراستن لەتوانەوە. دیسان بۆ سڕینەوەی ئەو تۆمەتە ناڕاستانەی کەدەدرایە پاڵیان بۆ داشکاندنی رێزو حورمەتیان لەناو

www.dengekan.com

خەڵکی تاکو کەس تێکەڵاوییان نەبێت،' هەرچەندە ئەمانە خۆیان ئامادە نین کەسانی بێگانەو نامۆ تێکەڵاویان ببن‌و چاویان بکەوێتە نهێنی ڕێورەسمە ئایینیەکانیان. بۆیە تا بۆیان کرا بێ ژن‌و ژنخوازییان لەگەڵ خەڵکانی غەیرە دین خۆیان نەکردوە بەرەسمی . بەڵام توانیویانە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەرە پێ بدەن.



www.dengekan.com

سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات‌و باکوور ژێر دەستەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی قاجاڕی، (ئەڤێریانۆڤ) لەم بارەیەوە دەنووسێ: (نیوەی دانیشتوانی ئەرمینیای تورکیا سوننی مەزهەبن، واتە ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم‌و زۆربەی تەرابزون‌و سێواس‌و لە 64٪ی ویلایەتی وان‌و لە 55٪ی بتلیس‌و 64٪ی دانیشتووە موسڵمانەکانی ویلایەتی موسڵ، هەروەها دانیشتوانی هەرێمی دەرسیم‌و ویلایەتی خاربووت‌و ناوچەکانی دەوروبەری کوردی قزلباشن، کوردە یەزیدیەکانیش لەویلایەتی وان دا ئەژیان بەتایبەتی لەشاخەکانی سنجاری موسڵ، لە 15٪ی ویلایەتی حەلەب لەسوریا کوردن)[7]. ژمارەی کوردی شیعە نزیکەی ملیۆنێك تاملیۆن‌و نیوێك دەبێ، واتە ژمارەیان 5٪ تا 7٪ ی سەرجەمی دانیشتوانی کورد پێك دێنن[8]. بەڵام بەپێی هەندێ زانیاری کوردە عەلەوییەکانی تورکیا ئەمڕۆ خۆیان بەتەنیا لەم ژمارە دیاریکراوە ڕەت داوە، دەبێ ڕێژەی کوردە عەلەوییەکانی ئێران‌و عیراق ژمارەیان چەند بێ.

(میجەر راولنسون) لەنووسینێکدا بەناوی (لەزەهاوەوە بۆ خوزستان) باسی یەکێك لەگرۆپە ئایینیەکانی کوردان کردوە کە لەنێو عەشیرەتەکانی (کەڵهوڕو گۆران)دا باو بووە، هەوڵی داوە بیانبەستێتەوە بەبۆچوونی خۆی بەبیروباوەڕی ئایینی جوولەکەو سەبەئی‌و گاوران)) هەروەها (مستەر هاربارد) کەیەکێك بووە لەئەندامانی لێژنەی ئینگلیزەکان بۆ دیاری کردنی هێڵی سنوور لەنێوان ئێران‌و تورکیا لەساڵی (1913-1914)، لەکتێبەکەیدا (لەخەلیجەوە تا ئارارات)، نووسەر کە باسی قەسری شیرین دەکات ئەڵێ روومان کردە دەشتی زەهاوو لەسەر ڕێی کرماشان بەو شوێنەدا تێپەڕبووین کەپێی دەڵێن (تەنگی زەهاو) .. کاتێ گەیشتینە جێی مەبەست خێوەتمان لەسەر گردێك هەڵدا کەئەیڕوانی بەسەر دەشتی زەهاو..

ناوچەکانی دەوروپشتی ئەم دەشتە مەڵبەندی تیرەیەکی بەناوبانگی کوردانە کەپێیان دەڵێن (گۆران)و لەسەر ئایینی (علی اللهی) ن‌و قسنی (زەردا) لەشاخی داڵە هۆیان زۆر لاپیرۆزە)[9]. هەندێك لەلێکۆڵەران عەلەوییانیان بەم جۆرە پێناسەکردوە: (عەلەوی ناوی دستەیەکی گەورەی کۆمەڵگای جیاجیایە کەبیروباوەڕو ئاینێکی ناجێگیریان هەیە، زمانەوانان بەچوار

دەستەیان داناون لەرۆژهەڵاتی (قارس - KARS) کۆمەڵێك هەن کە بەتورکی ئازەری دەدوێنو تا رادەیەکیش لەگەڵ شیعە (ئەرپە دۆکس)ی دوانزە ئیمامی ئێرانی ئەم سەردەمە جیاوازن، گروپی عەلەوییانی عەرەب زمان لەباشووری تورکیادا بەتایبەتی لە(HATAY) و (ئەلکسەندەرتام)و (ئەدەنە - ADANA) کەدرێژەی عەلەوییەکانی سوریانو پەیوەندیو پەیوەندییکاریان لەگەڵ عەلەوییەکانی دیکەدا نیەو هەروەکو دەستەی یەکەم ژمارەیان کەمە، بەڕادەیەك لەتورکیادا دەکرێ چاو لەبوونیان بپۆشرێ. گرنگترین گروپەکانی عەلەوی (تورك زمان)و (کورد زمانە) کانن (ئەم گروپەی دواییان لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا بەدوو گروپی کورد زمانانی رەسەنو پەیوەندار بە (زمانی ZAZA)وە دابەش دەبن، هەردوو دەستە لەنەوەی دەستە یاخییە ئایینیەکانی سەر بەسەفەویەکان دادەنرێن. ئایینی عەلەوییەکان هەرچەندە لقێکە لەئایینی ئیسلام، بەڵام جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئیسلامی سونیدا هەیە))[10] بەشێکی زۆری ئەم ئاینە نهێنانەی ناو کوردستان پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ سۆفیزم دا هەیە، کەچی زۆربەی شیعە باوەڕی سۆفیگەری نیەو، بۆیە دەبینین ئەم تایفانە



هەوڵو کۆششیان داوە بۆ دەستەمۆکردنی شیعە موسڵمانەکان لەماوەی هەزارساڵی رابردودا، توانیشیان هەندێ سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەناو تورکمانەکانی ئەنادۆڵو عەرەبەکانی لێواری رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، هەروەها جێپەنجەیان دیارە لەکارتێکردنیان بەئازەرییەکانو گەیلانو مازندەران. ئەم تایفانە توانییان بەچەندان زمان نوسراوەکانیان بخەنە پێش دەستی ئەو گەلانە تاکو بتوانن رایانکێشنە لای خۆیان هەروەك (دروز)یو (ئیسمایلی)[11].

لەچاوپێکەوتنێکدا هونەرمەند (شڤان پەروەر) دەربارەی عەلەوییەکانی کوردستانی باکوور دەدوێو دەڵێ: ((عەلەوییەکان لەدەڤەرێکی بەرفراوانی کوردستانی تورکیا هەر لەدەوروبەری دەرسیمو مەلاتیە مەرەش تاکو دەگاتە بەشی لای سوریاو شاری عەفرینو عەنتابو مووشو بینگۆڵو لەگەلێك شوێنی تریش هەن، دەتوانم بڵێم لە (30٪)ی کوردان کوری عەلەوین...

کورد نەبووەتە گەلێکی پێشکەوتووی سۆسیال، وەك دیاریشە دوژمن هەر کاتێك ویستوویەتی گەمەی بەکورد کردوە، لەم بەگژ یەکتردا چوونانە زیاتر کوردە سونییەکان غەدریان لەکوردە عەلەوییەکان کردوە، سونییەکان بەو پروپاگەندانەی گوتوویانە عەلەوی کافرن... عەلەوی ناچێتە مزگەفتو نوێژ ناکەن، پێویستە موسڵمان لەدژیان بوەستێ... بەو بەهانەیەوە بەردەوام کوردە سوننیەکان شەڕی کوردە عەلەوییەکان کردوە.. عەلەوییەکان لەجیاتی مزگەوت جەمیان هەیە واتە ماڵێکیان هەیە لەوێ لەیەکتر کۆدەبنەوە، کولتوری خۆیان، تەسەوفی خۆیان، تەریقەتو هەموو شتێکی خۆیان لەو جەمەدا بەکار هێناوە، ئەوان تەمبورە لێدەدەن بە(هەیدەر هەیدەر)، دەبێ ئەوەش بڵێم کەئەوان لەجەماعەتی شیعەکان جیان..))[12].

لەلێکۆڵینەوەیەك دەرهەق بەم عەلەوییانە هاتووە کە: ((زۆربەی کوردە دیملیەکانی ئەناتۆڵیا هەندێ لەدراوسێکانیان کە بەکرمانجی دەدوێن، لەپەیڕەوانی تایفەیەکی تری تایفە یەزدانییەکانن و پێیان دەگوترێ عەلەوی، واتە لایەنگرانی عەلی...

نوسەیری کەدەشێ بەنەسرانی واتە مەسیحی یان پەیڕەوانی نارسا (شۆڕشگێڕە کوردەکەی بزوتنەوەی خوررەمی سەرتای سەدەی ناوەڕاستەکان کەخۆی‌و لایەنگرانی لەناوچەی ئەناتۆلیا نیشتەجێ بوون) بژمێردرێن.. سەرەڕای گرنگی ناوی عەلی لەم ئاینەداو ناوە هاوچەرخە گشتی‌یەکەی، عەلەوی وەك ئاینێکی نا ئیسلامی‌و وەك باقی لقەکانی تایفەکە بە بەشێکی تایفەی یەزدانی دەمێنێتەوە چونکە بیرو ئەندێشەی عەلەوییەکان لەگەڵ پەیام‌و گیانی قورئاندا ناگونجێ... ئەمڕۆ لەناو عەرەبی سوریا عەلەوی هەیەو بەنوسەیری ناسراون‌و گروپە ئایینی‌یە زاڵەکەی ناوچەی کەناری سوریا پێك دێنێ‌و لەبەندەرەکانی لازقیەو تەرتوس نیشتەجێن، رەگەزی کوردیش جاران‌و ئێستاش هەیە نەك هەر لەباکووردا، بەڵکو هەروا لەرۆژهەلاتیش بەئاقاری شاری حەما)(13).



www.deng



برێ لەکوردانی عەلەوی بەپلەی یەکەم خۆیان بەعەلەوی دەزانن‌و پاشان کورد، چاپەمەنییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئەم بابەتە کۆنەدا سورن کەعەلەوییگەری (حیکایەتێکی تورکی ئیسلامی)یەو، عەلەوییەکان کە بەزمانی کوردی یا زازا دەوێن (پ.ك.ك)و کورد خوازەکانی دیکە رونیان کردوەتەوە کەئەمانە کوردن‌و رەگەزی ئایینەکەشیان بنەچەیەکی زەردەشتی هەیە نەك تورکی ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کەتورکە عەلەوییەکانیش بەرەچەڵەك هەر کوردن[14]. تورکمانەکانی ئەنادۆڵ شان بەشانی کوردە عەلەوییەکان پشتو هێزی چەکداری دەرکەوتنی سەفەویەکانی وڵاتی فارس بوون، دروزە عەلەوییەکانی سوریاش پاڵپشتی شۆڕشەکانی ئەو وڵاتە بوون کەئێستا دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەن. شەبەکەکانیش کە لەباشورو باشوری رۆژهەڵاتی شاری موسڵ لەناوەراستی کوردستاندا بەتەنیشت باجەڵانە یارسانەکانەوە -کاکەییەکان دەژین، چەشنە ئاینێکی عەلەوی دیملیان تێدا هەیە[15]. زۆربەی عەلەوییەکان بەقزلباش ناسراون‌و برێکیان ئەکەونە ناو کەرکوك‌و دەوروبەری کەکوردانی دیملی‌و شەبەك بەشێکن لەوان. مێژوو نووسان ئەم عەلەوییانە بەقزلباش‌و بەشیعەی توندرەو دەدەنە قەڵەم، هۆکەیشی دەگەرێننەوە بەبۆ چوونی خۆیان بۆ بنەماڵەی پاشایەتی قەرەقۆینلوی تورکمان کەماوەیەك حوکمی ئێران‌و قەوقاس‌و ئەنەدۆڵی رۆژهەڵاتی کرد، گوایە مەیلیان دورکەوتنەوە بووە لەئیسلام.. بۆیە زیاتر هانی تایفە یەزدانییەکانی کوردستانیان داوە وەك مینۆرسکی وتویە: لەو خێڵە کوردانەی کەبەشداربوون لەشۆڕشە سەفەوییە عەلەوییەکە: (شاملو، شێخ وەند، شادلو، خەجوەند، زەعفەرانلو، ستاجلو، قوقانلو) هەموو ئەم خێڵانە تا ئێستا بەناسنامەی کوردییەوە ماون[16].

وەك وتمان ئەم عەلەوییانە لەناو خەڵکانی سوننی ئاینزاو ئاخوندەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی بەتوندرەو سەختگر ناویان دەرکردوە، بەهۆی دڵبەندەگییان بەئیمامی عەلییەوە، ئیڤانۆڤ لەمەر ئەم بۆچوونەوە نووسیویە: ((بەرواڵەت وا پێدەچێ هەندێ رایەڵکەشی لەنێوان قزلباشە عەلەوییەکان‌و هەندێ فیرقەی هاوشێوەی دیکەی ناو تورکە رەوەندەکانی ئاسیای بچووك‌و ئەهلی هەق هەبێ، هەروا بێتەوە لەگەڵ بەکتاشییەکانیش دا... زۆر جاران ئەهلی هەق لەبارەی خۆیانەوە وەك ((نوصەیری)) یان قسە دەکەن‌و ((قیدیس نوصەیر)) یش بەپشتەوان‌و یاریکاری خۆیان دەزانن.. وا پێدەچێ کەهیچ سەروکارێکیان لەگەڵ نوصەیرییەکانی سوریادا نەبێ، بەپێچەوانەوە نزیکایەتییەکی بەرچاویان لەزۆر بیروباوەردا لەگەڵ دروزەکاندا هەیە..))[17].

ئەگەر سەرنجی ڕێبازی (نوسەیری) بدەین کەلقە ئایینێکی عەلەوییانەو کۆچەرە کوردەکان ئەم بیروباوەڕەیان گەیاندە ناوچەکانی کەناری دەریای سوریا، بەڵام سەیریش ئەوەیە ئەمڕۆ پەیرەوانی نوسەیری خۆیان بەکورد ناخوێننەوە بەهۆی دابرانیان لەنەتەوەکەیان، بۆیە حکومەتی بەعسیش دەیویست ئەو جۆرە تەعریبە دەرهەق کوردەکانی شەبەك‌و کاکەیی بەکار بهێنی پاش بارکردنی ئەم دوو تایفەیە بۆ باینجان‌و هێنانەوەیان بەو نیازەی لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بیانتوێنێتەوە. ئەو گروپە کوردانەی کوردستان زۆرن کەهەڵگری بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان بوونەو زۆر جار هەوڵ دراوە بەهۆی بوونی ئەو جۆرە ئایین‌و بیروباوەڕانەیان لەنەتەوەی خۆیانیان دابڕن‌و بەناکوردیان بژمێرن، لەوانە: (لەك‌و لوڕ)، (کەڵهوڕ)، (باجەڵان)، (گۆرانەکان)، (هەورامی)، (شەبەك)، (ئەهلی هەق)، (هەقەکان)، (سارلو، کاکەیی)، (تفەنگچی، قەڵخانی)، (نوسەیری)، (ئێزدی) کەبراونەتەوە سەر یەزیدی کوڕی موعاویە بۆ دژایەتی کردنی براکانیان کوردانی عەلەوی کە لەراستیدا لەگەڵ ئاینەکانی دیکەدا یەك ناوەڕۆك‌و مەبەستێکیان هەیە. (زازا) کەهەندێ جار بەقزلباش‌و عەلەوی کوردانیان نێو دەبەن.

پێم وایە هەڵهاتنی (شوراتەکان، یاخیبوان، الخوارج) هاتنیان بۆ ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی شارەزوور کەمەڵبەندی سەرەکییان بوو، کاری کردە سەر ئەم گروپە کوردانە بۆ هەڵگردنی دروشمی ئەو شۆڕشانەی شوراتەکان کەهەر جارەی بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرز دەکرایەوە دژی خەلافەتی ئەمەوی‌و عەباسیەکان‌و تێهەڵکێش کردنی بیروباوەڕیان بەو دروشمانەوە زیاتر بنەچەو بنەمای ئایینی گروپە کوردەکانی شێواندووە، سەری لەخۆیان‌و مێژوونووسان‌و لێکۆڵەران تێکداوە. یاقوتی حەمەوی کاتێ باسی شارەزوور دەکات، باسی گوندێك دەگێڕێتەوە بەناوی (پیر)و خەڵکەکەی شیعەی زەیدی بوونەو گوندەکانی دەوروبەری هێرشیان کردۆتە سەر بەهۆی لێکنەچوونی بیروباوەڕیان!!

ئەمڕۆش نووسینێکی زۆر پێش چاو دەکەوێت لەکتێب‌و ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەلایەنەکان لەکوردستان‌و وڵاتانی دەرەوە سەبارەت بەم گرۆ ئایینیە کوردانەو زۆربەی ئەو نووسەرانە لەنووسراوەکانیان ئەمانە بەناموسڵمان‌و موسڵمانی زێدەڕەو ناو نووس کردوە، هەندێکیشیان بەخاوەن ئایین‌و بیروباوەڕێکی تایبەتی کوردستانیان داونەتە قەڵەم. ئەو بزوتنەوەو سەرهەڵدانەی بەدرێژایی مێژوو لەناو کوردانی عەلەوی سەری هەڵداوە، زیاتر مەبەست لەپاراستنی ئاینەکەی خۆیان بووە بەپلەیەك. ئەگەرچی دروشمی جیاجیایان هەڵدەگرت وەك پاڵپشت کردنی سەفەوییەکاون دژی عەباسی‌و سەلجووقی‌و غەونەوی، دیارە ئەم شۆڕشانە لەبنارەکانی یاخود لوتکەکانی چیاکانی زاگرۆسدا زیاتر پەرەی دەسەند وەك لەدەشت‌و بنارەکان، مێژوو نووسانی عەرەب بۆ ماندەگێڕنەوە لە ((ساڵەکانی (38 ك/ 658 ز) بەم لاوە، کۆمەڵێك لەیاخیبوان_ الخوارج، دژی ئیمامی عەلی (س. خ) لەبزوتنەوە بەرپاکردن‌و جەنگدا بوون، هەندێ جار کەدەشکان گرۆگرۆ لەم یاخیبووانە پەنایان دەهێنایە بەر ناوچە سەخت‌و شاخاوییەکانی کوردستان، بەتایبەتی شاری (شارەزوور)، دەبینین هەر لەم ساڵەدا (38 ك)، (ابو مریم السعدی التمیمی) ناوێك‌و گرۆیەك لەیارانی پەنا دەبەنە شارەزوور)[18]. هەروەها لەساڵی (41 ك/ 661-662 ز)دا، (فروە بن نوفل الاشجعی) لەگەڵ پێنج سەد سواردا.. کەدەستیان لەکوشتاری ئیمامی عەلی‌و یارانی هەڵگرتبوون روویان کردۆتە (شارەزوور)[19]. لەساڵی (76 ك/ 693 ز) لەسەردەمی (الحجاج بن یوسف الیقفی) دا، سەرۆکی یاخیبووان (شبیب الخارجی) بزوتنەوەی دژی حەجاج دەستپێکردو حەجاجیش سوپایەکی بەفەرماندەی (عبدالرحمن بن محمد الاشعپ) بۆ سەرکوت کردنی ناردو سوپاکەی بەشوێنیەوە بوو، ئەمیش خۆی گەیاندە شارەکانی (دقوقاو- دێکۆك) و (شارەزوور)[20]. لەساڵی (127 ك/ 740 ز) لەپاش مردنی (سعید بن بهدل الشیبانی) کەدەستی کردە بزوتنەوەی لەسەردەمی (یزید بن الولید بن عبد الملك)ی ئەمەوی، دوو سەد کەسی خەڵکی _جزیرە)ی لەگەڵدا بوو))[21]. لەساڵی (290 ك/ 903 ز) لەمانگی (جمادی الاولی)ی ئەم ساڵەدا، سوپا سالار (ابو سعید الخوارزمی) کەپەنای هێنا بووە لای خەلیفەی عەباسی (المکتفی باللە) هەڵدێ‌و ڕێگای (موسڵ) دەگرێتە بەر))[23]. جوگرافی زانی عەرەب‌و گەڕۆك (مسعر بن المهلهل / 377 ك) مردووە، ناوچەی شارەزووری دیتووە، بەم جۆرە پێناسەی شارەزوور دەکات، شارەزوور چەند شارۆچکەو دێهاتێکە، شارێکی گەورەی تێدایەو مەڵبەندێتی لەم سەردەمەمان‌و پێی دەڵێن (نیم ئەزرا)ی، خەڵکی ئەم شارە لەسوڵتان یاخیین.. لەشارەزووردا شارێکی دی

www.dengekan.com

هەیە لەیاخیبوون‌و سەرکەشی کردندا بە (پیر- بیر) دەناسریٚ‌و خەڵکەکەی شیعەی زەیدی صاڵحین، ئەم شارەی (پیر) بووەتە پەناگەی هەڵاتووان‌و سەرکەشان، جاریٚکیان دانیشتوانی (نیم ئەزرا)ی هیٚرشیان بردە سەریان‌و کوشتنیان بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە))[23].

شایانی باسە ئەو بزوتنەوانەی کوردانی عەلەوی بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەی نیٚوان خۆیان‌و سەفەوییەکان پەرەی پیٚدرا. بەڵام پاش دەسەڵات گرتنە دەستی سەفەوییەکان، ئەو پەیوەندییە رووی لەکزی کرد، شا سمایل سەفەوی (خەتایی)، ئەم پیاوە ببووە زاتیٚکی مەعنەوی لەناو بیرو بۆچوونەکانیان، عەلەوییەکان زۆر جار بەنهیٚنی لەشارەزوورو موسڵ کاریان دەکرد. بەم شیٚوەیە ئەم ئاینە رەسەنانەی باو باپیرانی کورد بەهەر وەسیلەیەك بووە ویستوویەتی خۆی بپاریٚزیٚ‌و لەناو نەچیٚ باناویٚکیشیان وەرگرتبیٚ کە بەراستی ناوی ئاینی ئەوان نەبووە. یەکیٚکیان ئەمڕۆ عەلەوییەو ئەوی تریان ئیٚزدیی‌یە، سەیر لەوەدایە عەلەوییەکان خۆیان دایە پاڵ سەفەوی یاخو بیروباوەڕی شیعەی ئالی بەیت بۆ خۆپاراستن لەنەمان، کەچی برایانی ئیٚزدی بەپیٚچەوانەوە خۆیان بردە سەر گەورە پیاوانی ئەمەوی‌و خۆیان پیٚ هەڵواسین بەرووکەش بۆ سەرکوت نەکردنیان‌و لەدەست نەدانی بنەماکانی باوەڕو داب‌و نەریٚتی رەسەنی خۆیان. لەناو کوردا گەلیٚ بنەماڵە هەبووە خۆیان بردوەتەوە سەر (خالیدی کوڕی وەلید)و کەسانی تر لەبەر هەر هۆیەك بوو بیٚ!

ریٚبازی نەقشبەندی لەکوردستاندا بەهۆی مەولانا خالیدی شارەزووری سەری هەڵدا کەیەکیٚك بووە لەنەوەی شیٚخ میکائیلی (دەودان)ی، راویٚژکارو یاوەری سوڵتان سەید ئیسحاقی بەرزنجی 716 ك، لەناوچەرگەی عەلەوییەکانەوە پەیدا بوو[24]. پاشان نەنقشبەندییەکانی سەرگەڵو بیرو بۆچوونەکانی ئەهلی هەقیان (هەقە) لەنیٚو خۆیاندا ژیاندەوە[25]. لەکتیٚبی (خلاصە السیر) دا هاتووە، سەرهەڵدانی دەرویٚش رەزای عەلەوی لەسەردەمی شا سەفیدا (1038- 1054 ك)، ئەم راپەڕینە بەپشتوانی سەرکردەکانی (زەنگنە)ی کورد بووە، کەرەگیان لەئاینی عەلەوی توندڕەودا هەبووە شویٚنی راپەرینەکەشی شاری قەزوین بووە کەزیٚدی راپەڕینە یەك لەدوای یەکەکانی عەلەوییەکان بووە))[26].

ئەو پەیوەندییە میٚژووییەی نیٚوان عەلەوییەکانی گۆران‌و زەنگنە وەکو (ئا- ئادلف) باسی کردوە، کەوا زەنگنەکانی ئەمڕۆی کوردستان دابەش بوون بەسەر پیٚنج بەشدا: یەکەم ئەو زەنگنانەی لەناوچەی کفری دەژیان‌و تاڵەبانی‌و سیامەنسورییەکان کەلەناوچەی کەرکوك دان، چنگییەکان کە لەنزیکی ئەوان‌و لوڕستاندا دەژین، کیتوانیەکانی ناوچەی ساری تەپە.. بەشیٚکی گرنگی زەنگنە هان لەئیٚران‌و بەشیٚکیان لەسوریا، بەزمانی ئەو شویٚنانەی لیٚی نیشتەجیٚن قسە دەکەن[27].

لەئەنجامی چەوساندنەوەو فشاری زۆری باجو سەرانەی دامو دەزگاکانی میرنشینی سەلجوقی کەیەکیٚك بوون لەهۆزە (غوز- ئۆغوزە) تورکمانە کۆچەرەکان‌و سەرەتا لەناوچەی ئاسیای ناوەندا دەژیان لای رووباری زەرئەفشان لەنیٚوان بوخاراو سەمەرقەند، پاش کۆتایی سەدەی دەیەمین سەلجوقیی‌یەکان بوونە موسڵمان‌و روویان کردە ئاسیای بچووك، پاشان بەرەو رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست هاتن لەپیٚشا پیٚیان نایە ناو خاکی ئیٚرانەوەو لەماوەی 15 ساڵدا توانییان دەسەڵاتیان بگەیٚننە هەموو ناوچەکانی‌و پاشان بەرەو عیراق‌و سوریەو ئازەربیجان‌و کوردستان‌و ئەرمەنستان ملیان ناو لەساڵانی (1024- 1051) سەلجووقییەکان توانییان بەشی زۆری کوردستان داگیر بکەن‌و لەساڵی (1055) بەداگیرکردنی بەغدا هیٚندەی تر دەسەڵاتیان پەیدا کرد[28]. ئینجا دەگەریٚنەوە دەڵیٚین پاش ئەو فشارە زۆرەی باجو سەرانەی دامودەزگاکانی میرنشینی سەلجووقی لەساڵی 1239 ئاگری راپەڕینیٚکی فراوان زۆر ناوچەی ئاسیای بچووکی گرتەوە، کۆچەری‌و نیشتەجیٚی ئەو ناوچانە بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو راپەڕینە بەشداربوون کەپیاویٚکی لەخۆبوردوو بەناوی (بابا ئیسحاق) سەرکردایەتی دەکرد، بابا ئیسحاق خۆی بەنیمچە پیٚغەمبەریٚك دادەنا، راپەرینەکەی ئەنادۆڵو ناوەندی دەوروبەری سیواس، ئاماسیا، توقوت، چوروم، مەڵاتیەی گرتەوە، خەریٚك بوو گلۆڵەی میرنشینی سەلجووقی بخاتە لیٚژی. بەڵام سوڵتان کەیخەسرەوی دووەم کەوتە خۆی‌و لەمەڵاتیٚوە، داوای یارمەتی تورك‌و گەرمیانی کرد بۆ دامرکاندنەوەی. گەلیٚ لەدەرویٚشانی شارەکانی بەغداو هەولیٚر لەراپەڕینەکەی بابا ئیسحاقدا دەوریان هەبووە)[29]. راپەڕینەکانی هەمەدان‌و لوڕستان‌و کوردستان‌و ئازەربایجان لەدژی بنەماڵەی سەفەوی بەتایبەتی پاش لەیەك دوور کەوتنەوەیان دەستی پیٚکرد، گەورە ناودارانی ئەم بزاڤانە سەیدە کوردەکانی

www.dengekan.com

عەلەوییەکان بوون کەلایەنگرێکی زۆریان پەیدا کرد لەهیندو ناوچەی ئەو دیو رووبارو ئەنادۆڵو ئێرانی ناوەندو قەڵەمڕەوی عەلەوییەکان لەخوزستان تا ئەگاتە ماکۆو کەنارەکانی روباری ئاراس... ئەم گەورە پیاوانە لەسەردەمی سەفەوییاندا لەسەر رێورەسمی عەلەوییان بە (قزلباش)و (دەدە) ناوبرانو مانای وانیە ئەمانە تورك بوون.. بەڵکو ئەم سەیدانە زمانەکانی کوردیو عەرەبیو تورکییان دەزانی، بۆ نموونە ئەو خێڵە کوردانەی عەلەوی دەوروبەری (ئەردەبیل) تا ئێستا بەزمانی تورکی دەدوێن[30]. شایانی ئاماژەیە راپەڕینی کوردە عەلەوییەکانی ناوچەی ئەنەدۆڵ پێش سەرهەڵدانی سەفەوییان دەستی پێکردووەو هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی سەید محەممەدی زاهیدی پیر خدری شاهۆیی لەگەڵ سەید بابا عەلی هەمەدانیو هاتنی لەناوچەی خۆراسانەوە بۆ رۆژئاوای بنارەکانی زاگرۆس[31]. (ئیڤانۆڤ) دەرهەق ئایینی ئەهلی هەق نووسیویە دەڵێ: ((خاڵێك کەجێگای گومان نىیە ئەوەیە کە بنەمای گشتی ئاینی ئەهلی هەق، سەرباری ئاسەواری لایدەو نامۆی ئایینی کۆنو مەسیحییەت، بنەمایەکی ئیسلامیو وردتر شیعەگەری هەیە، ئایینی ئەهلی هەق وەك لەبەندوباو، لەگیانو جیهان بینیدا رەنگی داوەتەوە، تەنیا لەیەك قوتابخانەی ئیسلامیەوە هەڵێنجراوە، ئەویش ئیسماعلیزمی نزارییە))[32]. کەچی نووسەر لەجێگایەکی تر زۆر دوو دڵە لەم بۆچوونەی خۆی! پاش داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە، نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، گەلێ نووسینی جۆراوجۆر لەسەر ئەم گروپە ئایینیە کوردانەی کوردستان دەرکەوتن، هەندێکیان بەموسڵمانو هەندێکیان بەنا موسڵمانیان داونەتە قەڵەمو ئامانجی شۆڕشەکانیان بریتی بووە لەبەرهەڵستی کردنی شاڵاوی ئیسلام بۆ سەر ناوچەکەیان، ئینگلیزو رووسەکان لەهەموو کەسێ زیاتر گرنگییان داوەتە ئەم لایەنەو بیروباوەڕی ئەم گرۆ کوردانەیان بڵاوکردوەتەوە جگە لەپاراستنی هەندێ لەدەست نووسی ئاینیان.

### شەبەك لەچەند سەرچاوەیەکدا



برایانی شەبەك یەکێکن لەو گروپە کوردانەی کەخاوەنی بیرو بۆچوونی تایبەت بەخۆیانن لەکوردستاندا، مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ستەمو جەوری زەمانەو چەوساندنەوەو سەرکوت کردنی بیروباوەڕیان، زۆر بنەما راستیەکانیان شێوێندراوە، وون بووە، هەر وەك گروپەکانی تر. رەنگە ناهەقیان نىیە ئەگەر خۆشیان پەی بۆ راستیەکانیان نەبەن! زۆر لەلێکۆڵەران نەگەیشتوونەتە سەرچاوەی راستی ئاینەکەو بنەچەی شەبەکی. مێژوو نووس ئەمین زەکی بەگ دەبێژێ: ((لەلیوای موسڵ تایفەیەك هەیە بەناوەکانی (سارلیو باجەلانو شەبەك) نێو دەبرێن ئەم تایفەیە بەهەرسێ بەشەکەیەوە کوردێکی تەواون)). لە (دائرە المعارف الاسلامیە) لەبەشی (شاباك - شەبەك) بەم جۆرە باسیان دەکات: ((رێبازی تایفەی شەبەك ئەو رێبازەیە کەبەشێك لەکوردانی موسڵ دەستگیرین))و ژمارەیان بەگوێرەی مەزندەی کاربەدەستانی

ئینگلیز ده هەزار سەر ئەبێ، موسڵمانەکانی ئەو دەڤەرە بەلامل ناویان دەبەن بەهۆی لادانیان لەسەر رێی راستو ئەم شەبەکانە بەهاوشانی ئێزدییەکان نیشتەجێن لەقەزای (شەنگار) لەم گوندانە: عەلی رەش، یەنیجە، خەزنە، تاللور، هەروەها بەبۆچوونی (الاب انستاس کرملی) ئەو شەبەکانە بریتن لەو شیعە توندڕەوانە. ئەمین زەکی بەگ درێژە بەباسەکەی ئەداتو دەڵێ: بەشی (سارلی) کەبەشێکە لەو سێ بەشە بنەچەی ئەگەڕێتەوە سەر عەشیرەتی بەناوبانگی (کاکەیی)و رێبازو رێڕەوەکەی. هەر لەو دەڤەرەدا عەشیرەتی کوردی (باجوران_ باجەلان) هەیە کەخاوەن بیروباوەڕی نهێنیو نامۆیەو پێی دەڵێن عەلی ئیلاهیو لەم گوندانەدا نیشتەجێن: ئۆمەرەکان، تۆپراخ زیارەت، تەل یاقوب، باش پیتا...))[33]. عەباس عەزاوی لەکتێبی (الکاکائیه في التاریخ) لاپەڕەکانی 95-97 دەربارەی شەبەکی نوسیوە ئەڵێ: ئەو شەبەکانە لەو تایفە ناسراو توندڕەوانەی عیراقنو لەدەوروبەری موسڵ دادەنیشنو بەناوبانگن هەروەکو کاکەییەکانی لیوای کەرکوکو ژمارەیان لەوان کەمتر نییەو دەستە خوشکی یەکدین لەرەگو ریشە... شەبەك زیاتر براوەتەوە سەر (شوانکارە – هۆزێکی بەناوبانگی کوردە)و ئەڵێن تا ئێستا خزمەیەتییان هەیەو پەیوەندییان پێوە دەکەن ... رێورچەی شەبەکەکان لەسەر رێبازی (شێخ سەفی – سافی)یەو... زمانەکەشیان تێکەڵە لەکوردیو فارسیو عەرەبیو تورکی... ئەگەر شەبەکی بێژێ (وەرە)، ئەڵێ (بەو) لەجیاتی (بیا)و ... (چێش مکەرو) واتە (چ دەکەی) ... ئەمانەش ناوی گوندەکانیانە : عەلی رەش، منارە، شەبەك، کەبەرلی، دراویش، تەهراوە شەبەك، باشبیشە، تیز خەراب گەورەو بچوك، خەزنەتەپە، قەرەتەپەی شەبەکو عارەب ، یەنگیجە، خەرابە، سوڵتان، بەدنەی گەورە، باسەخرە، شێخ ئەمیر، باوێزە، تۆبزاوەی شەبەك (80) ماڵ لەشەبەکو باجەلان، بازاویە (60) ماڵ لەشەبەك و کوردو عەرەبی جەجێش، باجەربوعە (110) ماڵ لەشەبەکو داودە، بیری حلان، جیلوخان (40) ماڵی شەبەکو باجەلان، ئورتە خەراب (150) ماڵو (50) ماڵی باجەلانە، ئۆمەرکان (80) ماڵو هەندێ باجەلانو تورکمانی شیعەی تێدایە، لەکەکان (30)ماڵو باجەلانو سوننەشی تێدایە، تلیار (80) ماڵو شەبەکی سوننەی تێدایە، بازکردان زۆرینەی شەبەکو ئەوانەدی باجەلانە، کارێز، بلوات، تەل عامود، تەرجلە ، قەرەشور، جەدیدە، بەستەلی، گوکجەلی (300)ی باجەلانو هەندەك شەبەکی سوننە، گۆڕغەریبان (35) ماڵ شەبەکی سوننەو جەجێش)) ئەوەی راستی بێت زمانی شەبەکو باجەلان فارسی نییە، وەکو عەزاویو نوسەرانی دی بۆی چوونە بەهۆی تێنەگەیشتنیان لەزمانی کوردی، زمانی شەبەك (ماچۆ)یەو دیالیکتێکە لە (گۆران)ی زمانی کوردی چەشنی (هەورامی، زەنگنە، کاکەیی...)

دکتۆر شاکیر خصباك لەکتێبی (الاکراد دراسه جغرافیه اثنوغرافیه) لەبەشی ئاینی کوردان (ل 483) نووسیویە ((... هەروەها لایەنگرانی ئاینەکانی تر هەن لەوانە (30)هەزار یەزیدی - ئێزدیو (2) هەزار صوبی، (15) هەزار لە (شەبەك)و بەشێکی کەم کاکەیییەکانو باجەلانییەکان)). نووسەر هەوڵی داوە ئەم گروپە ئایینییە کوردانەی وەك کاکەیی، شەبەك، عەلی ئیلاهی، شیبکاتەوەو لەبیروباوەڕیان بدوێ، بۆ گرۆی عەلی ئیلاهی ئەڵێ: بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم ئاینە لەنێو هۆزەکانی لوڕو هۆزەکانی گۆرانەکانی کوردستانی ئێران پەیڕەوی دەکەن. نووسەرانو لێکۆڵەران لەسەر بنچو بناوانی ئەم ئاینە جیاوازن، بەلام پەیڕەوانی بەگشتی لەموسڵمانە توندرەوەکان دەژمێردرێن[34].

لەباسی کاکەییدا ئەڵێ: ئاینێکی ئاڵۆزە، ناوەکەشی لەوشەی (کاکە)ی کوردییەوە هاتووە بەواتای (برا)و باسی کاکە بکێشی سەید ئیسحاقی بەرزنجی دەکات لەکاتی دروست کردنی تەکیەی بەرزنجە لەلیوای سلێمانیو ناونانیان بەکاکەییو هەندێ لەبیروباوەڕیانی باس کردوەو بەموسڵمانی زیادەڕەویانی لەقەڵەم داوەو لەگەڵ وەسپ کردنیان بەوەی زۆر کراوەن بەرامبەر بەئایینو بیروباوەڕەکانی دیو رێز لەزانستو فێربوون دەگرنو زۆربەشیان دانیشتووی لیوای کەرکوکن[35].

دکتۆر شاکر دێتە سەر تایفەی شەبەکو بەم جۆرەیان پێناسە دەکات: لەسەر بنجو بناوانی شەبەك جیاوازی هەیە، هەرچەندە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان شەبەکەکان کوردن، بەلام هەندێ نووسەر بەتورکیان دەزانێ، زمانیشیان تێکەڵاوی وشەی کوردیو فارسیو تورکییە، ئاینەکەیان تەمومژ داپۆشیوە بەهۆی نهێنی راگرتنی. ئەمانیش هەر بەموسڵمانی توندڕەو ئەژمێردرێن بەهۆی ئەو پیرۆزییە تەماشا کردنەی هەیانە بەرامبەر بەئیمامی عەلیو نەوەکانی... هەروەها پەیڕەوی رێڕەوی مەسیحیان دەکەن، وەکو ئاهەنگ گێڕان بەهۆی سەری ساڵەوە، چوونە لای پیران بۆ خۆشبوون لەگوناهیان. دابو نەرێتیان

www.dengekan.com

لەگەڵ کوردان یەکە هەرچەندە جلو بەرگیان لەشێوەی بەرگی مەسیحیەکانە... بە 25 گوندی لیوای موسڵدا بڵاوبوونەتەوە، ژمارەشیان خۆی لە 10 هەزار تا 15 هەزار کەس دەدات))[36] مەلا جەمیل رۆژبەیانی لەشەبەك دواوەو وتوویەتی: هەندێك لەمێژوونوسان (شەبەك) یان بە ناکورد لەقەڵەم داوە کەبەشێکن لە (گۆران_ جۆران)و کتێبە پیرۆزە ئاینیەکانیان هەر بەزمانی گۆران نووسراوەتەوە، هەروەها تەلقینی مردوویان هەر بەشێوە زاری گۆرانی دەکەن، کە لەبنەڕەتا کاکەینو بەڵام هاوسێتی قزلباشانیان کردوەو کارێگەریی مەزهەبی جەعفەرییان لەسەرە))[37]، خواڵێخۆشبوو رۆژبەیانی دێتەوە سەر باجەڵانو نووسیویەتی هۆزێکی کوردەو ناویان لە(باجلایا)ی پاشماوەکانی (هەزبانی حەمیدیە)وە هاتووە، باجەڵان لە 15 گروپ پێکدێنو کەچی عەباسی عەزاوی لەکتێبی (عشائر الکردیە) نووسیویە ئەمانە لەعەشیرەتەکانی مەغۆلیو ناوەکەشیان بە(باج الان_ باجوەرگر) لێکداوەتەوە[39]. لەگێرەو کێشەی ویلایەتی موسڵ راپۆرتی (عصبە الامم) ساڵی 1925 دا نووسراوە، هەردوولا بەریتانیاو تورکیا دانیان پیاناوە کەئێزدییەکان لەتوخمی کوردنو بەکوردی دەئاخێون، بەڵام موسڵمان نین. هەروەها لیژنەکە ئاماژەی کردوە بۆ گرۆپی (سارلی)، (شەبەك)و (باجوران) کە لەناوچەو گوندەکانی موسڵدا بڵاوبوونەتەوە پشتیان بەستووە بەو رایەی (انستاس الکرملی) کەوا ئەمانە کوردنو بەکوردی دەدوێن کەتێهەڵکێشی زمانەکانی فارسیو تورکیە[39].

لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (شەبەك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی) هاتووە کەشەبەك کوردن بەگوێرەی راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (لجنە عصبە الأمم)، لەمەڕ کێشەی موسڵ ئەمەیان بەپەسەند زانیوە، لەوە پێشتریش (هێنری فۆستەر) لەبارەی پرۆسەی خوێندنو فێرکردنەوە لەعیراقدا نووسیویەتی: ((لەکۆتایی ساڵی 1919 قوتابخانەیەکی کوردی تایبەت بەتایفەی (شەبەك) نزیك موسڵ هەبووە، لەگوندی گوکجەلی))[40]. شەبەك ئاینێکی دیکەی دانیشتوانی باشووری کوردستانە، شەبەك بەرەگەز کوردنو زمانەکەیان کەمێك وشەی عەرەبیو تورکیو هی دیکەی تێکەڵاوە، شەبەکەکان بڕوایان زۆر بەئیمامی عەلی قایمە، بەزۆری لەناوچە ئیدارییەکانی سەر بەناوچەی نەینەوا دەژین بەتایبەتی دەروێشە، قەرەتەپە، باجەربوغە، خەزنەتەپە، منارەڕەش، تەیراوا، تۆبزاوا، عەلی رەش، شەبەك، کارێز.. ژمارەیان لە 16 هەزار زیاترە[41].



www.dengekan.com

لەکتێبی پەیامی هەورامان (ل 94) هادی رەشید بەهمەنی نووسیویە: ((لقی دووەمی گۆرانەکان، باجەڵانی) پێك هاتووە لەم هۆزانەی خوارەوە: ((شەبەك لەناو شاری موسڵو دەوروبەریدا، چەند گوندێکی باجەڵانی لەرۆژهەڵاتی شاری ناوبراودا هەیە، وەك: کانی ماران، ئیمام فەیزوڵڵا، باڤاتیزا..)) ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1902)و ریچ لەگەشتەکەی ساڵی (1820) چووەتە ناویان. هەروەها نووسەر لە ل 107ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: شەبەك:: شەبەکەکانی لای شاری موسڵ ناوی نوێیانەو لەبنەرەتا باجەڵانینو هەمووشیان پێکەوە گۆرانن. لە (ل 404)یش نووسیویە ((بالوولی خارجی لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دا ژیاوە دەوری 737 ز، لەباجەڵانە گۆرانەکانی لای شاری موسڵ بووە))[42].

لەکتێبی (کوردو تورکو عەرەب)ی حاکمی سیاسی بەریتانی، سی، جی، ئەدمۆندز ئاماژە بۆ (شەبەك) کراوە، نووسەر نوسیویەتی گوندەکانی کاکەییەکانی لێواری زێی گەورە نزیکی ئەو شوێنەی خازری تێدەرژێ، سێ گوند ئەکەونە لای چەپی و چوار گوندیش ئەکەونە لای راستی، ئەمانە لەو شوێنانە بە(سارلی) نێویان دەبەنو ئەم سارلییانە جیاوازییان هەیە لەگەڵ تایفەیەکی کوردی تر کەسوننی نین لەلیوای موسڵدانو بە(شەبەك) دەناسرێن، ئەمانە بریتین لەقزلباشی کورد)[43].

لەلێکۆڵینەوەیەکی پێکهاتنی نەتەوەییو ئایینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور نووسیویەتی: ((سارلی: پەیرەوکەرانی ئەم ئاینە لەئاوەدانییەکانی تەللەبەن، بەستەلیە، کەبەرلی، خەرابە سۆلتانو ئاوەدانی دیکەی سەر بەناوچەی نەینەوا دەژینو خاوەنی ئایینی تایبەتی خۆیانو بەندەگیو بیروباوەڕیان نهێنیە، وەك بیستراوە کتێبی پیرۆزیان بەزمانی (فارسی_ راستیەکەی گۆران)یەو شوێنی ئاینە کۆنەکانی ئێرانو بیرو بۆچوونی غولاتی شیعەکان لەئاینەکەیاندا دەبینرێ...)[44].

بەڵام لێکۆڵەرێکی تر وای بۆ چووە کە (جگە لەوەی کوردەکانی سارلیو کاکەییو (باژلان_ باجەلان، باجۆران) ناسراون لەچەند پوازێکی لێك دابڕاوی لێکتری دوری نێوان قەسری شیرینو کەرکوكو موسڵدا دەژین، جۆرە یارسانیزمێکیان تێدا بەدی دەکرێ، ئەمڕۆ پەیرەوانی یارسان نزیکەی (10٪ تا 15٪)ی سەرجەمی کورد پێك دێنن))[45] سەرەنجام بەگوێرەی ئەم سەرچاوانەی ئاماژەی بۆکرا بۆ خوێنەری بەڕێز دەردەکەوێ کەوا، ئەم هەموو گرۆپە ئایینیـیە کوردانەی ناو کوردستان لەبیروباوەڕو زمانو دابو نەریت هاوبەشن، وای لێهاتووە چوونەتە ناو یەکەوە، لەزۆر رووەوەو بیرو باوەڕیشیان لەبنەچەدا هەر یەکێکە بۆیە نووسەرانو لێکۆڵەران هەموو بابەتە لێکۆڵینەوەکانیان تێکەڵو پێکەڵە. ئەوانەی گومانیان لەکورد بوونی (شەبەك) هەیە تا ئێستا هیچ دەلیلێکی رێکوپێکیان بەدەستەوە نیـیەو نابێ. بۆ نموونە لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا گەلێ بایەخ دراوە بەسۆفینزمو ئەدەبی سۆفیگەری زۆری پەرە سەندو گەلێ شێخو پیاو چاك دەرکەوتن. تۆغرول پاشای سەلجوقی کە پیاوێکی بەتوانا بوو، زۆر رێزی لەبابا تاهیری هەمەدانی گرتووە، کەچی بابا تاهیری سەر بەگروپی (ئەهلی هەق) هەر بەزمانی لوڕی هەستو سۆزی شیعری دەربڕیوە بێ ئەوەی بچێتە سەر زمانی تورك. تا ئێستا نازانرێ بۆچی شەبەك دەبەنەوە سەر تورك کەزمانەکەی خۆیان (هەورامی - گۆران - ماچۆ)ی کوردییەو ئێستاش قسەی پێ دەکەنو گەلێ دۆستو برادەرمانو تێکەڵاویمان هەیە. رەنگ هەیە چەند خانەوادەیەکی شەبەك تورك بن ئەمەش بەهۆی ئاینەکەوەیەو کارێکی ئاسایـیە. بەڵام ئەگەر بێتو شەبەك بەتورکو لەپاشماوەکانی لەشکری مەغۆل دابنرێن، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە! چونکە مەغۆلو ئەم شێوە زمانەی ماچۆ ماچۆی شەبەکە زۆر لەیەکەوە دوورن. پاشان سەروسیمای مرۆڤی شەبەك لەگەڵبرا کوردەکانی هیچ جیاوازییەکی تیا بەدی ناکرێ، بەڵام لەتورکو مەغۆل جیا دەکرێنەوە. ئەگەر بیانوتایە ئەمانە پاشماوەی قزلباشە تورکەکانو لەحامیەکان بەکار هێنراون، ئەو کاتە دەمانوت ئەمەیان تا رادەیەك باشە چونکە قزلباشی کوردیش هەبوون لەو سوپایەدا کەعەلەویو بەکتاشی نێو دەبرێنو زمانیان وەك زازاکانی قزلباشی کوردی گۆران بوون، ئەدمۆندز ئاماژەی پێ داوە کاتێ باسی صوفییانی تازە خورماتو دەکات بەگۆرانیان ناو دەبات!

ئەمانە خاوەنی کتێبی ئایینی خۆیان بوونو ئەو کتێبە پیرۆزانە بەشێوەی زمانی گۆرانی کوردی نووسراون نەك بەتورکیو پاشان تایفەی شەبەك لەچەند تیرەیەکی کوردستانی پێك هاتووە وەك باجەڵان کەهۆزێکی گەورەیە لەگوندو دێهاتەکانی ئارای موسڵو شێخاندان، هەروا تیرەکانی (لەك_ زەنگنە، رۆژبەیانی، داودە)ی تێدایە کەهەموو بوونەتە خزموخوێشو لەناو

www.dengekan.com

یەكدا تواونەتەوە، رەگەزیشیان هەموو كوردن. بۆ خۆ ژیاندنو بردنە پێشەوەی رەورەوەی ژیان بەهۆی ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر كۆمەڵگای شەبەكدا هاتووە، شەبەك بیروباوەڕی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەی تێكەوتووە هەروەكو گروپە ئایینە باتنییەكانی كوردستان، بەڵام وادیارە كاریگەری ئال بەیتیان زیاتر لەسەرەو خۆیان بەعەلەوی باتنی دەنوێننو رەنگە بۆچوونیان لەگەڵ شیعەی دوانزە ئیمامی لەزۆر شتدا جیاواز بێو لەوانەیشە نەگەڕێتەوە بۆ پیاوانی ئایینی نەجەف، چونكە ((مەڵبەندی مەرجەعییەتی مەزهەبی شیعەی لای شەبەك گوندی (دراوج)ە كە بەعەرەبی بووەتە (دەراویش)و لەلایەن (پیر)ەوە بەڕێوە دەبرێت كەدەسەڵاتی ئایینیو دنیایی خۆی لەسەر سستمێكی تێكەڵاو لەرێنماییەكانی ئابرێشیاتی مەسیحیو پەرستگای یەزیدیەكان رێكخستووە، بەڵام مۆركێكی سەربەخۆی پێوە دیارە..))[46].

چینو وتوێژەكانی ئایینی شەبەك زۆر نزیكە لەئایینی گرۆپە كوردییەكانی تر، بۆ جێبەجێ كردنی رێورەسمی ئایینی لەم بەشانەی وەك (پیرانو سۆفیانو تالیبانو عامیان) پێك دێنو پیران هەموو شتێكیان بەدەستەو خاوەن مەقامو بڕیارە ئایینیەكانن، سۆفیان ئەوانەن بەشداری كۆبوونەوەكان دەكەنو زۆر جاریش وەعز دادەدەن بۆ خەڵكو تالیبان ئەوانەن دەبنە موریدێكی راستەقینەو عامیانیش هەموو ئەو خەڵكە دەگرێتەوە كە لەدەستەی پیرانو سۆفیان نەبن تا ئێرەو بەپێویستی نازانمو ناچمە ناو رێورەسمە پیرۆزەكانی شەبەكو رێز لەبیروڕاو نهێنیەكانیان دەگرم.

مامۆستا عەبدولرەزاق بیمار سەبارەت بەدەستخەتێكی مەولود نامەی مەلایەكی شەبەكی كەناوی حەیدەر جەوادەو لەگوندی (خەزنەتەپە) لەساڵی 1972 نووسیویەتی: ئەڵێ ((بایەخی ئەم نامیلكەیە لەوەدایە كەبەشێوە زاری تایبەتی شەبەك نووسراوەتەوە، سەرەتا وام زانی دەقەكە وەكو شێوە زاری هەورامیەیە، بۆیە بردمە لای مامۆستا محەمەد مەلا كەریم، بەڵام سەری لێ دەرنەكرد! پاشان بردمە لای پارێزەر عبدالوهاب باجەلان كەوا باشی خوێندەوەو چەند بڕگەیەكمان شیكردەوەو مانای وشەكانمان نووسیەوە))[47]، بەراستی دوو تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەسنووسە، لەساڵی (1972) نووسراوەتەوە واتە تاكو ئەم ساڵە شەبەك زمانەكەی خۆی بەتەواوی پاراستووەو تەعریب نەكراوە، دووەم ئەم نووسراوە شتێكی نوێیەو وەرچەرخانێكە بەرەو جیهانی خۆتێهەڵكێش كردن بەبیروباوەڕی چوار دەوریانەوە. من بەچاكی ئەم دەسنووسە دەخوێنمەوە نازانم چۆن مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم لێی تێنەگەیشتووە! پاشان هەندێ لێكدانەوەی وشەكانم خوێندەوە، روانیم واتاكانیان تەواو نیەیە' ئەگەر چی زۆر لەهەورامیەیەوە نزیكە وەك (بارۆ: بێنێ)، (باچمێ: بێژین) .. لەكۆتایی ئەم نووسینەدا هیوادارم تیشكێكمان خستبێتە سەر مێژووی كوردە عەلەوییەكانی كوردستانو بزاڤەكانیانو زمانو كەلتوریانو پوختەیەكی مێژووی برایانی شەبەكمان هێنابێتە نووسین مەبەستیشمان خزمەت كردنی ئەم گەلەیە.

## سەرچاوەو پەراوێزەكان


1- میهرداد ئیزەدی، ئاینو تایفە ئاینیەكان لەكوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (3) ساڵی حەوتەم، 1991، ل ل 56-57.

2- 3 - 4 - بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ل 57 - 58.

5- 6- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ( 41-43-46).

7- م. س لازارییف بڕوانە چەند كێشەیەكی دیمۆگرافیو مێژووییو سیاسی، وەرگێڕانی، د. كاوس قەفتان، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی كورد، بەرگی 16 و 17، 1987، بەغدا.

8- میهرداد ئیزەدی، سەرچاوەی پێشوو.

9- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە 5، مایسی ساڵی، 1946، ل3.

10- مارتن ڤان برونەسن، و. لەفارسیەوە، گوشاد حەمەسەعید، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (29)، 2002، ل 260.

11- میهرداد ئیزەدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 63.

12- چاوپێكەوتنێك لەگەڵ شڤان پەروەر، گۆڤاری رامان، ژمارە 73، تەمموزی 2002، ل91.

13- ئاینو تایفە ئاینیەكان لەكوردستاندا، ل 74.

14- مارتن ڤان برونەسن، كوردە عەلەوییەكان، ل 267.


www.dengekan.com

15- ئاین‌و تایفه ئاینی‌یه‌کان له‌کوردستاندا، ل 75.

16- هه‌مان سه‌رچاوه، ل 77؛ هه‌روه‌ها بڕوانه تقی شرف الدین، النصیریه - دراسه تحلیلیه، بیروت، 1983.

17- پێڕه‌وانی راستی، یارانی کوردستان (ئه‌هلی هه‌ق)، ن. ئیڤانۆڤ 1953، هوڵه‌ندا، وه‌رگێڕانی ئاسۆ که‌ریم. چاپی یه‌که‌م هه‌ولێر، 2003، ل ل 10 –11.

18- ابن الاثیر، ابو الحسن عزالدین علي الجزری، (ت 360 هـ / 1233)، الکامل في التاریخ، الطبعة الاولی، ادارة الطباعة المنیریة، سنة 1356 هـ مصر، ج 188/3.

19- هه‌مان سه‌رچاوه، ل 205؛ هه‌روه‌ها بڕوانه هاشم کاکه‌یی، شاره‌زوور له‌روانگه‌ی سێ بابه‌تی مێژوویی‌دا، گۆڤاری رۆشنبیری نوآ، ذ 123، 1989، ل82.

20- بروانة الکامل في التاریخ، ج 4، ل ل 51- 52.

21- الکامل في التاریخ، ج 3، ل 206.

22- الطبري، ابی جعفر بن جریر الطبري، تاریخ الآمم والملوك، راجعه نخبة من العلماء، مطبعة الاستقامة، القاهرة 1358/ 1939م ج 6/ 107.

23- ابن المهلهل، ابي دلف مسعر بن المهلهل الخزرجي، الرسالة الثانیة، نشر وتحقیق مینورسکی، مطبعة جامعة القاهرة، 1955، ل ل 10-11.

24- محه‌مه‌د عه‌لی سوڵتانی، راپه‌ڕینی عه‌له‌وییه‌کانی زاگرۆس یا لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مێژوویی له‌سه‌ر ئه‌هلی هه‌ق، و. له‌فارسی‌یه‌وه، حه‌سه‌ن عه‌بدولکه‌یم‌و که‌مال ره‌شید، سلێمانی، 3002، ل 31.

25- 26- 27- هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ل 32 – 115 - 117.

28- کورد لای گه‌ردلێڤسکی، به‌شی یه‌که‌م. د. که‌مال مه‌زهه‌ر، کولیجی ئه‌ده‌بیات، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، به‌رگی ده‌هه‌م، 1983، ل 223 - 224.

29- کورد لای گه‌ردلێڤسکی، ل 232 ؛ هه‌روه‌ها راپه‌ڕینی عه‌له‌وییه‌کانی زاگرۆس، ل58.

30- راپه‌ڕینی عه‌له‌وییه‌کانی زاگرۆس، ل ل 35 - 58.

32- پێڕه‌وانی راستی یارانی کوردستان. ئیڤانۆڤ، ل 105.

33- خلاصة تاریخ الکرد وکردستان من اقدم العصور التاریخیة حتی الآن، الجزء الاول، تألیف العلاقة محمد امین زکي، ترجمة الاستاذ محمد علي عوني، الف هذا الکتاب سنة 1931 باللغة الکردیة وترجم الی العربیة في سنة 1936 وطبع عام 1939 بمصر الطبعة الثانیة 1961، ص 28- 29. دیسان بروانة الکاکائیة في التاریخ، المحامي عباس العزاوي، مطبعة شرکة التجارة، بغداد، 1949.

34- د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافیة اثنوغرافیة. ساعدت جامعة بغداد علی نشره، مطبعة شفیق، بغداد، 1972، ص 492.

35- هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ل 493- 494.

37- محمد جمیل بندي الروذبیاني، مدن کردیة قدیمة، تأریخها، جغرافیتها، المدیریة العامة للطباعة والنشر، حکومة اقلیم کردستان، 1999، ص 281.

38- سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل 260.

39- الدکتور خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کردستان العراق-دراسات في التکوین القومي للسکان، الطبعة الثالثة، اربیل، 1999، ص 142.

40- ئه‌حمه‌د فه‌ره‌نی، شه‌به‌ك - لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مێژوویی کۆمه‌لایه‌تی زمانه‌وانییه، گۆڤاری رامان، ژماره 37، ته‌مموزی 2002.

41- د. عه‌بدوڵڵا غه‌فور، پێکهاتنی نه‌ته‌وه‌یی‌و ئاینی‌ی دانیشتوانی هه‌رێمی کوردستانی عیراق، گۆڤاری سه‌نته‌ری لێکۆڵینه‌وه‌ی ستراتیجی، ژ 3، 2000، ل 22.

42- هادی ره‌شید به‌هه‌مه‌نی، په‌یامی هه‌ورامان، چاپی دووه‌م، چاپخانه‌ی به‌درخان سلێمانی 2002، ل 94- 107- 404.

43- سی . جی. ادموندز، کرد وترك وعرب، ترجمه جرجیس فتح الله، مگبعه تایمس، بغداد، 1971، ص 179.

44- پێکهاتنی نه‌ته‌وه‌یی، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ل 22- 23.

45- ئاین‌و تایفه ئاینی‌یه‌کان له‌کوردستاندا، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل 73.

46- شه‌به‌ك، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، رامان، ژ 37، ل 45.

47- عه‌بدولره‌زاق بیمار، ده‌سخه‌تێکی نایابی مه‌ولود نامه‌ی کوردی، گۆڤاری ره‌نگین، ژ 351، 2001، ل ل 6-7.

www.dengekan.com